www.kurdistannet.org
13-1-2006 21:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هەندێک بە راوردکاری وچەند هەڵوەستەیەک! ... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلاڵی



+++ لە رێپۆرتاژێکی قەناتی رووزەردی ئەلجەزیرە کە چەند جارێک دوو بارە کراوەتەوە بینیمە کە چۆن ئیسرائیل لە ناو کەناری رۆژئاوا و غەززەی عەرەبیەوە چەندان کۆمەڵگای نیشتەجێبوونی بۆ خەڵکی خۆی دروستکردوە لە شێوەی گوند و شارۆچکەی بچوک کە بە بەشێک لە ئەوروپا دەچن لە پێشکەوتوویی!! جا ئەگەر لە سەر خاکێکی داگیرکراو ئەوە بۆ خەڵکی خۆی بکات ئەی دەبێ لە ناو خاکی خۆی چی تریان بۆ بکات! هەڵبەت منیش لەگەڵ ئەو زوڵمە نیم کە بریتیە لە داگیرکردنی زەوی و زار جا لەسەر خۆم بێت یان هەر میللەتێکی تر بەلام با بە ویژدان و چاوکراوەییەوە سەیری بابەتەکە بکەین و بزانین لە کام ولاتی عەرەبی کە داگیر نەکراوە و سەربەخۆن حوکمەتەکانییان بەم شێوەیە (سەکەن) و ژیانێکی پڕ ئاسوودەییان بۆ میللەتی خۆیان دابین کردوە! ئێستاش لە سەدا شەستی خەڵکی ئەو ولاتانە بێ خانوو رێوو جێن. ژیانیان لە ژێر ئاستی هەژاریدایە. ئەو عەرەبەیش کە لە ناو جەرگەی ئیسرائیل دەژییێت خۆشتر دەژییێت لە خۆشترین ژیانی عارەبێک لە ناو جەرگەی ولاتی خۆی!!

+++ بووتەفلیقە ی سەرۆکی ئەلگێریە (ئەلجەزائیر) کاتێک کە نەخۆش کەوت وەکوو هەموو سەرکردە عەرەب و دیکتاتۆرە کانی تر بە پەلە و بە یەک چاو قوچان ولاتەکەی خۆی جێهێشت و بۆ چارەسەری و ئیسراحەت خۆی گەیاندە فەرەنسا. بەلام کە شارۆنی سەرەک وەزیرانی ئیسرائیل پێشووتر تووشی جەڵتەی مێشک هات بۆئەو مەبەستە ولاتی خۆی جێنەهێشت ئێستاش کە هەر لەسەر لێوی مردنە نەیانهەناردە دەرەوەی ولات بۆ چارەسەری بەڵکو بەخۆیان و لە خەستەخانەیەکی گشتی ولاتی خۆیان هەرچی پێویست بوو لە نەشتەرکاری و چاودێری پزیشکی بۆیان جێبە جێ کرد. جا ئەمە پێویستی بە هەڵوەستە و تێبینیەک هەیەو شایانی ئەوەیە کە بەراوردکاریەکی لەسەر بکەین و بپرسین بۆچی سەرۆکی ولاتێکی نەوتی وا دەوڵەمەندی وەکو ئەلگێریە کە زیاتر لە هەشتا ساڵە سەربەخۆیە بۆ چارەسەری دەچێتە ولاتێکی بێگانە!؟ چونکە ئەگەر دامو دەزگای پێشکەوتوو لە ولاتەکە یدا نەبێت یان پسپۆڕی لە هەر بوارێکی خزمەتگوزاری نەبێت ئەوە هەر خۆی بەرپرسیارە چونکە خۆی گەورەترین خاوەن بریاری رەهاو و دەسەلاتە لە ولاتەکەدا ئەگەر واش نیەو ولاتەکەی ئەم و هەموو دیکتاتۆرەکانی تری هاوچەشن بەهەشتی سەر رووی زەوین وەکو هەر هەموویان بانگەشەی بۆ دەکەن دە کەواتە بۆچی لەم بەهەشتە خۆشانەوە روودەکەنە دۆزەخەکانی ولاتی (کافران) یان ئەگەر وا نیە با هەر تاکێکی ساکارو لانەوازی ئەو ولاتانە بۆی هەبێت و پارەشی پێبدەن تاکو ئەویش چارەی دەردە هەمەچەشنەکانی خۆی لە هەمان شوێنی بوتەفلیقە بکات!

+++ ئەو رۆژە گوێم لە مەلای مەککە گرت کە بۆ دوو ملیۆن و نیو حاجی ماڵی خودا خوتبەی دەدا من چاوەڕوانی شتێکی نوێ بووم کە لێی ببیستم وەکو پاکی،

خۆشەویستی،برایەتی،دڵسۆزی، هاوکاری،فێربوونی زانست،هەوڵدان بۆ پێشخستنی کۆمەڵ،یارمەتی گەلانی چەوساوەو لێقەوماوانی وەکو پاکستان و.... ... هتد. بەڵام بەداخەوە وتەی ئەو مەلا ناشیرنەش هیچ فەرقی نەبو لەگەڵ هەموو ئەو خوتبانەی کە زۆر لە مەلاکانی مزگەوتەکانی لای خۆمان نووسیویانەتەوەو هەزاران جار دوبارە کراوەتەوە بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی بە واقیعی تاڵی ئەمڕۆی گەلانی موسڵمانەوە هەبێت! ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لە هەموو ئەو وتانە و لە هەموویان زیاتر دووبارە دەکرێتەوە ئەوەیە کە دەڵێ (اللهم اهلكهم و انێرنا على القوم الكافرين) واتە خودایە بەفەلاکەتیان ببەی و سە رمان بخەی بەسەر میللەتانی گاور! من ئەلێرە گەورەیی وبە بەزەیی خوای گەورەم زیاتر بۆ روونەدەبێتەوە کە ئەم جۆرە دووعایانە لە کەسانی نەزان قبووڵ ناکات!! چونکە قبووڵکردنی ئەم جۆرە دوعایانە زیاترکلۆڵکردن و لەناوبردنی موسڵمانانە وەک هی (گاوران) چونکە بەلایەنی کەمەوە ئەگەرئەوان نەمێنن ئەوا ئێمەی موسلمانیش لە برسان دەمرین یان لەسەرمان وە یان هەندێکمان هەندێکمان بە زیندوویی لە چاڵان دەنێین. ! با واقیعیانە بییر کەینەوە و چیتر خۆمان نەخەڵەتێنین ئەو خواردنەی کە دەیخۆین،ئەو جل و بەرگەی کە لەبەری دەکەین بە مەندییل و جوبەی مەلاوە هەتاکوو ئەو کراسەی کە کەعبەی پیرۆزی پیدادەپۆشین هەوەها هەرچی شتەی کە بەکاریدەهێنین لە دەرزیەوە هەتاکوو گەورەترین مەکینەو لۆری و ئۆتۆمبێل و هۆکارەکانی گیاندن هەموو لە دەستکردی ئەوانن، تەنانەت پیرۆزترین کیتابیش کە قورئانی پیرۆزە و جێگەی فەخرو شانازی ئێمەی موسلمانە هەر بە چاپخانەو کاغەزو حوبری ئەوانەوە چاپدەکرێن و ئەگەر ئەوان ئەو شتانەیان دروست نەکردبان دەبوایە ئێستاش وەکوو جاران لەسەر پێستە بنووسرابایەوەو یەک دانەی بە باری چەندان ووشتر بگوازرابایەوە. کارەسات لەوەدایە ئێمە لە هەموو بوارێک لە پاشکەوتنێکی وا مەزنداین کە هەست بە کەموکورتیەکانی خۆمان ناکەین یان نایانبینین یان نامانەوێت دان بەو راستیانە دابنێین چونکە بەلایەنی کەمەوە ئەگەر بەتەواوی تێی بگەین ئەوە بۆ چارەسەری هەولدەدەین.

+++ لە پۆلەکانی یەکەمی سەرەتاییەوە تاکو زانکۆ فێرکراوین کە (ئیستیعمار و ئیمپریالیست) بە مانای وڵاتانی ئەوروپی داگیرکەرن و هەمیشە ئیشوکاریان نیە تەنها لە هەوڵ و دزە کردنن کە خێروبێری وڵاتی ئێمە بدزن کەچی خۆمان لە ژێر دەستی داگیرکەرانی خۆمان بووین و ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئێستاش ئەوخێروبێرەی کە خواپێی داوین و شانازی پێوە دەکەین هەر لە ژێر زەویدا دەبوو نەمانزانی و نەدەماندەتوانی دەریبهێنین بە پێچەوانەشەوە ئەگەر لە ژێر حوکمی وڵاتێکی ئەواندابووینایە ئەوە رێزو حورمەتمان زۆر لەهی ئێستا زیاتر دەبوو چونکە ئەوان یاسایەکیان فێردەکردین کە رێز لە ئاژەڵانیش دەگرێت!!!

+++هەموومان ئەو بوومەلەرزە سروشتیەی ووڵاتی پاکستانمان بیست کە سەدان هەزار کەس بوونە قوربانی هەروەها ئەو بەردە گەورەیەی کە لە یەمەن لەسەر چیا گلۆر بۆوەو هەزار تۆن بارستایی دە بوو گوندێکی ئەوێی وێران کرد ئەمانە ڕووداوی سروشتین و لەوانەیە لە هەموو شوێنێکی جیهان ڕووبدەن بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکی ئەوورووپی رویبدابایە یەکسەر دەیانگوت ئەوە غەزەبی خودایە و بەسەر گاوراندا باریوە یان دەڵێین نیشانەی ئاخیر زەمانە!! ئێمەی وڵاتانی موسڵمان دوژمنێکی خەیاڵیمان دروست کردوە هەمیشە لە لە گەڵیدا لە جەنگداین بە بێ ئەوەی بزانیین ئەو دوژمنە کێیەو چیەو کامەمان تاوانبارین و چۆن بەسەریدا سەردەکەوین. ئامادەنین باسی شتە گرنگ و جەوهەریەکان بکەین باڵام

ئامادە ین تا ڕۆژی قیامەت بە بێ ماندووبون موناقەشە لەسەر ئەوە بکەین کە ڕدێن (ڕیش) واجبە یان سوننەتە!!